# حـوكمی تەعزیە و سـەرەخۆشـــی كردن لە بێباوەڕان

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**شێخ موحەمەد ساڵح العثیمین ولیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1435

IslamHouse.com

# حكم تعزية الكافر القريب

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد بن صالح العثيمين و اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی تەعزیە و سەرەخۆشی كردن لە بێباوەڕان

ئـــەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ ابن عثیمین كراوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) :

**پرسیار** : ئایا دروستە كەسێكی موسڵمان تەعزیە و سەرەخۆشی لە بێباوەڕێكی خزمی خۆی یان بێباوەڕێكی هاوڕێی بكات ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

تەعزیە و سەرەخۆشی كردن لە كەسێكی بێباوەڕ كە دەمرێت لە لایەن كەسێكی موسڵمانی خزم و نزیكی خۆی، یان لە لایەن هاوڕێیەكی خۆیەوە، لە ڕاستیدا زانایان یەك ڕانین لەم بارەیەوە، بەڵكو ڕایان جیاوازە، هەندێكیان پێیان دروستە و هەندێكی تریشیان بەلایەنەوە دروست نییە، وە هەندێكی

تریان ووردیان کردوەتەوە و ووتویانە : ئەگەر هاتوو لەو تەعزیە و سەرەخۆشی کردنەدا بەرژەوەندیەکت بینی، بۆ نموونە ئەگەر ئومێدی ئەوەت لێ دەکردن باوەڕ دەهێنن و موسڵمان دەبن، یان بەو تەعزیە و سەرەخۆشی کردنە خراپە وشەڕێکی ئەوانت لەسەر خۆت لادەبرد ئەوا دروستە تەعزیە و سەرەخۆشیان لێ بکەیت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم بەرژەوەندیەت نەدەبینی ئەوا دروست نییە تەعزیە و سەرەخۆشیان لێ بکەیت .

ڕای پەسەندیش ئەوەیە ئەگەر بینیت ئەو تەعزیە و سەرەخۆشی کردنە لێیان پلەوپایە و ڕێزی پێ پەیدا دەکەن ئەوا دروست نییە و حەرامە، بەڵام وەك ووتمان ئەگەر بەرژوەندیەکت دەبینی لەوەی ئومێدی موسڵمان بوونیان لی دەکرا ئەوا دروستە وە گەر نا ئەوا دروست نییە .

هەر لەم بارەیەشەوە پرسیار کرا لە لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان : ئەوانیش وەڵامەکەیان بەم شێوەیە بوو :

ئەگەر هاتوو ئومێدی ئەوەیان لێ دەکرا کە باوەڕ بهێن و موسڵمان بن، ئەوا تەعزیە کردن و سەرەخۆشی کردن لێیان دروستە، چونکە لەم کاتەدا ئەو کارە دەبێتە یەکێك لە مەقاصد و مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی، هەروەها ئەگەر مەبەست لێی خۆلادان لەشەڕ و خراپەیان بێت لەخۆی یان لەموسڵمانان بەهەمان شێوە دروستە، چونکە تەحقیق کردنی بەرژەوەندیە گشتیە ئیسلامیەکان ئەگەر بە زیان و خراپەیەکی لاوەکی جێ بەجی بن ڕێگا پێدراوە ..

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : فتاوى في أحكام الجنائز(ص:353رقم السؤال317)

فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء(132/9)